# ئامارەکان تەنها خۆیان دەدوێن

حامید ئەیوب

14.12.2004

گەورەترین وپڕتیراژترین ڕۆژنامەی فینلاندیHelsingin sanomat) لە ڕۆژی 8.12.2004 ( لەبەشی ئابوریەکەیدا ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی کاری جیهانی بلاوکردەوە..بەپێی ئاماری ئەو ڕێکخراوەیە لە سەراسەری جیهاندا نیو ملیارد مرۆڤ ڕۆژانە کەمتر لە دۆلاریک هەق دەست کاریانە... بەم جۆرە لەئاستێکی ئێجگار نزمداگوزەران دەکەن....

هەروەها ریکخراوی ناوبراو لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ملیاردێک و چوار سەد ملیۆن کرێکار هەق دەستی کاریان کەمتر لە دوو دۆلارە لە رۆژێکدا.،هەروەها 550ملیۆن کرێکار هەق دەستی کاریان کەمتر لە یەک دۆلارەو نزیکەی 75 سێنت وەردەگرن لەرۆژێکی هەشت سەعات کاردا،ئەمەو بە بێ ئەوەی هیچ ماف و بیمەیەکی کۆمەڵایەتیان هەبێت....

بەپێ ی ئەوراپۆرتە ڕێژەی نزمی هەق دەست ی کارو ئاست نزمی گوزەران لە ساڵی 1990 تەوە هەتاکوو ئەمرۆ لە سەدا دە (10 %) کەمی کردۆتەوە . ئەوکات واتە ساڵی1990 ڕێژەی ئەو کریکارانەی کە ڕۆژانەیان کە متر لە دۆلارێک بوە ریژەیان لە سەدا شەست ( 60% ) بەڵام ئیستا ڕیژەیان بوە بە سەدا پەنجا (50% ) !!!

هەروەها بەپێی هەمان ڕێکخراوی ناوبراو ئەگەری ئەوە دادەنێت گەر شێوازی بەرەوپێشچونی ئابوری جیهانی بەشێوەیەکی خێرا گەشە بکات ئەوا هەتا ساڵی (2015 ) نیوەی ئەو کرێکارانەی کە کەمتر لە دۆلارێک وەردەگرن کرێکانیان بەرز دەبیتەوەو دەچێتە سەرو دۆلارێکەوە!!!

جگە لە مانەش ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی نەداری و کەم دەرامەتی و نزمی ئاستی گوزەران لە وولاتانی کەناری سەرمایەداریدان، واتە وولاتانی ناوزەد کراو بە جیهانی سێهەم...

ئەمەو ڕاپۆرتەکە دەلێت بەهۆی جیهانگیری ئابوریەوە هەندێک لەوولاتانی جیهانی سیهەم دەتوانن خۆیان لە تەنگەشە ئابوریەکان رزگار بکەن و هەق دەست و مافی کرێکاران و بەرهەمهێنەران و ئاست نزمی گوزەرانیان بەرنە ئاستێکی بەرزترو باشتر لەوەی کە هەیە..لەو وولاتانەش نمونەی ( چین و ئاسیای دورو ئاسیای خوارو) دەهێنێتەوە...بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەست نیشان دەکات کە سەرەڕای بەجیهانیبونی ئابوری وپێشکەوتنەکان لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا بەلاّم هێشتا وولاتانیک هەن کەتوانای گەشەکردن و بەرەوپێشچونیان نی یە و ترسی بە پەراوێز بونی زیاتریان لێ دەکرێت چەشنی ئەو وولاتانەش نمونەی ( ئامەریکای لاتین و، وولاتانی جنوبی بیابانی ئافریکایی ) دەهێنێتەوە....

هەر بە پەیوەند بەم ڕاپۆرتی ڕیکخراوی کاری جیهانی یە وە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە ڕۆژنامەیەکی گەورەی پڕ تیراژی فینلاندی تر بکەم کە ساڵی پار خشتەی کرێ و خەرجی و داهاتی یاریزانانی جیهانی بلاّو کردەوە، مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە سەرنج لەو جیاوازیە چینایەتی یە قوڵ وگەورەیە بدەین کە لەم دنیایەدا بەرقەرار بوە ، جیاوازیەک کە بەشێکی هەرە

زۆری کۆمەڵگای بەشەری لەسەر لێواری برسێتی و نەهامەتی و شەڕو پێکدادان و چارەنوسی نادیارو ڕۆژڕەشی ڕاگرتوە لەولاتریشەوە کەمینەیەک بەهرەمەندن لە هەموو تام وچێژە تەواو نەبوەکانی ژیان ، بەهرەمەندن لە هەمووەدەستکەوتە مادیەکان بەڵام دورن ئێجگار دور لە دەسکەوتە ڕوحی ومەعنەویەکان !!!

لە هەر حاڵدا ساڵی پار ( 2003)لە ڕۆژنامەی (iltalehti ) لەڕۆژی 3.11.2003 دا لە بەشە وەرزشیەکەیدا لە لاپەڕەی 4 دا خشتەی پارەوپوڵ و خەرجیەکانی یاریزانی بەناوبانگی جیهانی ئینگلیزی ( دیڤید بیکهام ) ی بڵاو کردەوە، کەتیایدا نوسراوە بیکهام دوای ئەوەی لەیانەی وەرزشی مانشستەری ئینگلیزەوە چوو بۆیانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی لە سەرەتای گواستنەوەکەیدا لە ناوچەی (santa mauron) لە ئوتێلێکی پێنج ئەستێرە بۆ ماوەی 80 ڕۆژ نیشتەجێ بوو تەنها کرێی ئەوماوەیەی لەئوتێلەکەدا بایی شەسەد ( 600) هەزار یۆرۆ بوو !!!!

هەروەهابۆئەو 80 ڕۆژە ( 74 ) هەزار پاوەندی داوە بۆ پارک کردنی سەیارەکەی لە گەراجی ئوتیلەکەدا !!!.بەدەر لەمانەش ( 54 ) هەزار پاوەندی داوە بەخزمەت گوزاری و پاک و تەمیزی و پاراستنی ئاسایشی ژورەکەی لە ئوتێلەکەدا !!!.

لە هەمان ڕۆژنامەدا ئەوەش دیاری کراوە کە یاریزانی ناوبراو لە ساڵی ( 2003 ) دا داهاتی بیست ملیۆن ونیو پاوەند بوە !! ئەمە لەکاتێکدا کە ئەو یاریزانە ژمارە 34 ی بەر کەوتوە لەلیستی داهاتە زۆرکانی ووڵاتی بەریتانیادا ، واتە 33 کەس داهاتیان لەو زیاتر بوە !!!!

لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێک چاوی بە ئامارو گوزارشتی ڕێکخراوی جیهانی کار دەکەویت کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا لەگەڵ بەراورد کردن بە مەسرەف و داهاتی ئەوەی ( بیکهام ) خەمێکی قوڵ و حەسرەتێکی زۆر دایدەگرێت، ئەوە چ ڕۆژگارێکە ئیمەی مرۆڤ تێی کەوتوین !!!ئەوە چ نەهامەتیەکە بەسەری دەبەین !!! ئەوە چ ڕۆژڕەشیەکە ژیانی کورتمانی پێ تەواو دەکەین !!!

لە سەرەتایی سەرهەڵدانی ڕۆشنگەریی و دواتریش مۆدێرنیتە زۆر یەک لەبیریارەکانی ئەو کات و دواتریش ڕیزێکی بەرین لە بەرهەم هینەرانی فیکر موژدەی بەدیهێنانی خەونی دێرینی مرۆڤایەتیان دەدا بە گوێ ی نەوەکانی ئایندەدا.. پێیان وابوو پێوەرە ئەقڵیەکان ئیتر دەبێتە چوار چێوەو هاوکێشەیەک بۆ بەرەو پێش چوونی ڕەوتی مرۆڤایەتی بە ئاراستەیەکی گەشترو ڕوناکتر..ئەوان هێندەی فراوانی سروشت ئومێدو خەونی ئەرخەوانیان هەبوو بە ئایندەی ئەقڵانیەت... بەڵام لە ساتەوەختی ئێستادا کاتێک چاوو بەو مێژوە دەخشێنین و لە چرکە ساتە تاریکەکانی دوێنی و ئەمرۆ ڕادەمێنین ئەو پرسیارە گرنگەمان لا دروست دەبێت ئەوە بۆچی ئەقڵانیەتیی دەورانی ڕۆشنگەری ئەم ساتە نووتەکانەی ئێستای لێ کەوتەوە !!!

ئەم پرسیارە ژیانی وگرنگە چەندە شێوازی کردنەکەی ساناو ئاسانە بەڵام سەرلێدەرکردن و لێ ووردبونەوەوتێڕامان و وەڵامدانەوەی گەلێک سەخت وگرانە !! ئەوا زیاد لە سەدەیەکە بیرمەندانی دنیای فیکر بوە بە مەشخەڵەو وەس وەسەی سەریان....لە ئاراستەی وەڵام دانەوە بەم پرسیارە گرنگەدا چەندەها قوتابخانەو ڕەوت وڕوانگە و شیتەڵکاری جیاواز جیاواز سەریان هەڵدا هەریەکەیان بەپێ ی تێروانین و وویستێک ، بە پێی لێکدانەوەو جیهانبینیەکەوە ، وە لە گۆشەی جیا جیاوە ئەم بابەتەیان خستە ژێر سەرنجی ووردی خۆیان... هەندێکیان ڕەشبین و

بڕێکیشیان گەشبین ئایندەی مرۆڤایەتی هەڵدەسەنگێنن !!!هەندێکیان بەهیواو هەندیکیان ئومێدبراو بە سبەی ڕۆژی بە شەریەت !!! ئاخر خۆ ژیان هیچ نیە جگە لەوەی پێیەکت لە ئومێدو پێیەکیشت لە نا ئومێدیدایە!!!

هەرچۆنێک بێت لەم کورتە گوزەرەدا مەبەستم ئەوە نیە لایەنە جۆراو جۆرەکانی ئەو قوتابخانانە شیبکەمەوە چونکە لە بنەڕەتەوە کارێکی وا سەخت و گرانەو لە توانای ئێستای مندا نی یە...بەڵام بەلەبەر چاوو گرتنی ئەو ڕاستیەشدا دەتوانم هێندە بڵێم مافێک نی یە بە ناوی مرۆڤی خۆرئاواو مافێک بەناوی مرۆڤی خۆرهەلات ،ناکرێت بەشێکی سەرزەمین لە خۆشگوزەرانی ڕێژەیدا بن و بەشێکی زۆری سەرزەمینی تریش لە هەژاریەکی ڕەهادا بژین!!!

تەنها یەک ماف هەیە ،ئەویش مافی مرۆڤە بە گشتی....مافێک کە دەبێت بەبێ هیچ جیاوازیەک و هەلاواردنێک بە ڕەسمیەت بناسرێت...ناکرێت ئەوە قبوڵ بکرێت لە پڕۆسەی ئاڵ و گۆڕەکانی دنیایی ئەمڕۆدا سەرزەمینیک هەبێت وەک دورگە ئارام وئاسودەکان سەیربکرێت و بەشێکی تری ئەم هەسارەیەش وەک مەیدانی ڕمبازێن و شوێنی پێکدادان و گۆڕەپانی جەنگ سەیر بکرێت!!!

ئەوە چ رۆژگارێکە هەتا دێت سەرمایە ڕوحی وئەخلاقیەکانی مرۆڤایەتی کورت دەهێنێت لە بەرامبەر سەرمایە ئابوریەکان !!!!

مۆدێرنیتە نوقلانەی ئەقلانیەت و ئازادی ئەقلی لێ دەدا وەلێ ئەوەی ڕویداو ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین بەدیهێنانی <u>نائەقلانیەتی دیوی ئەقلانیەتە</u> !!!!!ئەو دیوە زەق و ئاشکرایەی کە ( ئەدۆڕنۆ ) بە توانج گرتن لە هیگلەوە دەڵێت ( ڕوحی جیهان بەسەر باڵەکانی ڕۆکێتێکەوە دەبینم ).... لەم ساتەوەختەدا ئیمە لەبەردەم مێژوویەکی نائەقلانی پڕ خوین و ماف خۆریداین ،لە بەردەم مۆتەکەی زڕاندنی خەونە ڕەنگاوڕەنگە دێرینەکانی مرۆڤایەتیداین ،لەبەردەم گەردەلولی وێرانەداین ،لەبەردەم مەرگێکی مۆدێرنیتەداین !!!!!

بەلام بە دیوەکەی ئەودیویشدا لە بەردەم مومارەسەکردنی ژیانێکی سەرمەدیانەداین ،لەبەردەم شڵەژانێکی بەردەوام وهەنگاو هەڵگرتنێکی بێ پسانەوەداین ،لەبەردەم چاوکرانەوەو باوەشپێداکردنی زیاترین بۆ ژیان ،لەبەردەم پرسیاری زۆر بەهیزو گومان لیکراوین بۆ ئاینده ....هتد.. لەدواجاردا ئیمە هەمیشە لە بەردەم ئەگەرو دیوە جوان و ناشرینەکانی ژیانین ،ئەمەش بۆ خۆی پێکهات و بزوێنەرو دیالکتیک وبەردەوامی و تەنانەت بەرەو پێشچوونی ژیانیشە.....